## خوێندنەوەیەك بۆ كتابی " چەند ساتێك لەگەڵ منالانی بێسەرپەرشتی سەرجادەدا لە بغداد"
## لە نووسینی : شێرزاد فاتح







كتابی چەند ساتێک لەگەڵ منالانی بێسەرپەرشتی سەرجادەدا لە شاری بغداد بەبەرگێگی جوان و قەشەنگ ، ڕازاوە بە وێنەی چەند منالی بێسەرپەرشت و پیلاو بۆیاغكەر، وە بەقەبارەیەكی مامناوەندی 98 لاپەرەیی ، لە مانگی ئاپریل و ئایاری 2005 بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی لە چاپ دەرهات و كەوتەبەر دەستی خوێنەران ، بەشی عەرەبی ئەم كتابە لەلایەن "یوسف محەمەد"وە لە كوردییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی. چەند ساتێک لەگەڵ منالانی بێسەرپەرشتدا لە بغداد ، گوزارش لە واقعەتی تالی منالانی سەرجادەدا دەكات لە شاری بغداد، نووسەر لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی منالە بێسەرپەرشتەكانەوە دەست بە نوسینی كتابەكەی دەكات و ڕووداو سەرگوزەشتەكان هەلقولاوی ڕاستی ژیانی ڕۆژانەی ئەو منالانەن، كە نووسەر لە سالی 2004 و لە كاتی سەردانیدا بۆ بغداد و كاركردنی نزیک بە دوو مانگی لەگەڵ منالانی بێسەرپەرشتدا ئامادەی كردووە.

ئەم كتابە لەچەند بەشی بەسەریەكەوە و جیانەكراوە لەیەكتر پێک هاتووە كە هەموو بەشەكان بەیەكەوە تەواوكەری یەک باسن ئەویش دەرخستنی وەزعیەتی نالەباری منالان بەگشتی و بە تایبەتی منالانی سەرجادەیە. نووسەر دەچێتە نێو باسی مەیدانی سەرجادەكان و ئەو شوێنانەوە كە منالانی تێدا دەژین یان سوال دەكەن و چاو پێكەوتنیان لەگەڵ دەكات ، منالانی بێسەرپەرشتیش واقعەتی ژیانی خۆیان باس لێدەكەن ، باسی هۆی كەوتنە سەرجادەو بێسەرپەرشت بوونی خۆیان دەگێڕنەوە ، باس لەوە دەكەن كە چۆن لە لایەن گەورەكانەوە سوكایەتیان پێدەكرێت و تەعەدای جنسیان لێدەكرێت

لەبەرامبەر پێدانی مەوادی موخەدردا کە بەشی هەرزۆری منالان لەسەری ڕاهاتوون ، یان لە پێناوی پێدانی پارەوە نانێکدا.
یەکێک لەو منالانە باس لە ماوەیەکی کورتی ژیانی خۆی دەکات لەیەکێک لەو جێگایانەی کە تاقمی حەوزە (سەدر) دەسەلاتیان بەسەریدا هەیە، باسی چۆنێتی ژیانی منالان لەوێ و تەعەدا کردنی خودی بەرپرسی حەوزە دەگێڕێتەوە لە منالان و ئیغتساب کردنیان. ئەوە نەبێت تەنها هەر حەوزە و هەندێک خەلکانی تر بن کە تەعەدا لە منالانی بێسەرپەرشت بکەن و بە تایبەتیش لە کچەکان، بەلکو یەکێک لەومنالانە باس لە یەکێک لە بنکە پۆلیسیەکانی بغداد دەکات کە چۆن ئەوانیش خواخوای فرسەت بۆ هەلکەوتنێک و تەعەدا لێکردنیان.
لەبەشێکی تری کتابەکەدا بە کورتی باسێک لەسەرمێژووی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانی کوردستان و کارو هەلسوڕانی سەنتەر لە ڕابردوودا، هەروەها کارەکانی ئەم و دواییانەی سەنتەر لە شاری بغدا بەرچاو دەکەوێت.
لە بەشی پێش کۆتایی کتابەکەدا نووسەر باس لە ژیانی منالانی هەژارو ئاوارەی نێو ئۆردوگاکانی ناوەوە و دەوروبەری شاری بغداد دەکات ، ئەو شوێنانەی کە پێشتر پایگای سەربازی ، یان جێی بەخێو کردنی پەلەوەرەکانی عودەی کوڕە گەورەی دکتاتۆر سەدام حسێن بوون.
لە بەشێکی تری کتابەکەدا نووسەر ڕاگەیەندراوی مافەگشتی و جیهانییەکانی منالان دەخاتەبەردەستی خوێنەران ، بەوپێیەی کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی مافەکانی منالان لە سالی 1989 دا جاڕنامەیەکی بۆ بەرگری لە کافەکانی منالان ڕاگەیاند ، وە بەبڕوای ئێمە مافە گشتی و جیهانییەکانی منالان دەبێ لەوە هەمەلایەن ترو بێکەم و کوڕ بن ، بۆیە لە ڕووی ڕەخنەگرتن لەو جاڕنامەیەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ، هەستاوین بە دارشتنی "مافەگشتی و جیهانییەکانی منالان" کە بە بڕوای ئێمە ئەمە ئەو ئەلتەرناتیڤەیە کە دەکرێ لەسەرتاسەری دنیادا پشتگیری لێبکرێ تا بکرێ بە یاسایەک لە پێناوی بەرگری کردن لە مافەکانی منالان بەبێ جیاوازی ڕەگەز، نەژاد، ئایدۆلۆژی ، نەتەوە و ئاین و ..هتد.
لە لاپەڕەکانی کۆتایی کتابەدا و لە دوای دواووتە، نووسەر چەند باس و سەرگوزشتەی خۆش و ناخۆش دەگێڕێتەوە ، کە لە کاتی کاردنیدا لە بەغدادو لەگەل منالانی بێسەرپەرشتدا تووشی بووە. ئەمەو کتابەکە بە کورتەیەک لە ژیان و کارەکانی نووسەر کۆتایی پێ دێت.

**خوێنەرانی ئازیز**.. بۆ ئاشنا بوونتان بە ژیانی سەختی منالانی بێسەرپەرشت ، بۆ چوونە ناو دنیای منالی و حەزوو ئارەزووە سادە زەوتکراوەکانی منالانی بێبەش لە جیهانی ڕەنگالە و پڕ ئالاو والای خۆیان ، بۆ ئاشنا بوونی هەرچی زیاترتان بە نیزامی ئاوەژوو زالمانەی دژی منالان ، کتابی " چەند ساتێک لەگەل منالانی بێسەرپەرشتدا لە بەغداد" بخوێنەرەوەو بۆ چەند ساتێک لە نووسەرەکەیدا بچۆ نێو باس و ڕووداوەکانەوە.
**بۆ دەستکەوتنی ئەم کتابە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی ، پەیوەندی بە نووسەری کتابەکەوە بکەن بەم ژمارە تەلەفۆن و مەیلەی لای خوارەوە.**

Tel. 0046 735 715 449 sherzad_f@yahoo.com